# ڕوون کردنەوەیەکی پێویست بۆححکع و کاك(هیدایەت مەلا عەلی)

سیروان قەرەداغی

سەرەتا دەمەوێ بۆ کاك (هیدایەت)ی ڕوون بکەمەوە کە من بە چاوی هیچ حیزب و ڕێکخراوێک ڕووداوەکان نابێنم و بە عە قڵی ئەوانیش ڕاژەی ڕووداوەکان ناکەم،بە عەقڵێک کە لە مێشکی خۆمدایە بیردەکەمەوەو دەروێشی هیچ حیزب و ئایدۆلۆژیایەک نیم،تەنها مەبەستم لەم ڕوونکردنەوەیە پوچەڵ کردنەوەی ئەو بۆچوونە هەڵانەیە، کە ئەگەر کەسێک ڕەخنەیەکی لە لایەنێک هەبوو ئیتر دەبێت سەر بە لایەنێکی تر بێت.

ئەوە ئەندامانی حیزبەکەی ئێوەیە کە دەروێشن و ئەگەر لە سەرەوە پێیان بوترێ خەیار بە مەتر دەفرۆشرێ بە بێ سێ و دوو قەناعەتی پێدەکەن، ئەگەر نا گەورەترین هەڵەی سەرانی ححکع ئەوە بوو کە هێزی چەکداریان دامەزراند، ئاخر چ مەنتیقێک بوو ئێوە حێزبێکی بچووکی بەرهەڵستکار لەسەر جادەی قیرو لە گردەکەی عەلی ناجی هێزی چەکدارتان هەبێت، دەبوایە هەر دوای ئەو ڕوداوە هەموو ئەندامانتان وازی لەو حیزبە بهێنایە یان لایەنی کەم سەرکردایەتیەکەتان بگۆڕایە. بۆیە ئەم نموونەیەم باس کرد چونکە باسی ئەو ڕووداوەت کردبوو.

کاک هیدایەت لە سەر دەرکردنی لایەنگرانی یەکێتی و پارتی لە شارەکانی سلێمانی وهەولێر لەلایەن یەکتریەوە پرسیار دەکات کە لەو بارەیەوە دەڵێم چی؟ دەڵێم ئەوانەش هەمووی ناڕەوا بوون، وە پارتی و یەکێتی خۆشیان بە ناڕەوای دەزانن و داوای لێبوردنیشیان لە خەڵک کرد، بەڵام ئەوەی لە کوردوستان ڕویداوە ناکرێ بکرێتە بەهانە بۆ شەرعیەت دان بە سیاسەتی تەعریب. ئەویان دەرئەنجامی شەڕی ناوخۆی ناو یەک نەتەوە بوو،ئەمیان بۆ مەبەستی سڕینەوەی ناسنامەی گەلێکە.

داوا دەکەن کەرکووک ناسنامەیەکی ئینسانی هەبێت،ئەدی بۆچی کەمپینی دروست کرنی دەوڵەت بۆ فەلەستینیەکان دادەمەزرێنن،با فەلەستینیش ناسنامەیەکی ئینسانی هەبێت،ئەگەر چی من خۆم لە گەڵ ئەوەدام کە فەلەستینیەکان دەولەتی سەربەخۆی خۆیان هەبێت،بەڵام ئێوە بە دوو تەرازوی جیاواز پێوانەی کێشەکان دەکەن،بۆیە دەڵێم ئەم ماستە بێ موو نیە.

ئێوە دەڵێن حیزبەقەومیەکان خەریکی چاندنی تۆوی شەڕی قەمیگەرایەتین لە کەرکووک،ئەمە ڕەئی تەلەفیزۆنی جەزیرەشە،بەڵام ئەوە تەواو پێچەوانەی ڕاستیەچونکە هەموو هەوڵێکی حیزبەکانی کوردوستان بۆ ڕێکەوتن و پێکەوە ژیان وڕەوانەوەی ترسی شەڕی نێوان میللەتە جیاکانی ناو عێراقە،مەگەر ئاگادار نین سەرکردەی حیزبە کوردیەکان چۆن ڕۆژانە سەرقاڵی کۆبونەوەن لەگەڵ هەموو حیزبە جیاکانی عێراق و سەرەک عەشیرەتەکان.

من لە سەر ژمارەی لایەنگرانی ححکع ئاماژەم بەهەڵبژارنی شارەوانیەکان کردبوو نەک هەڵسەنگاندنی بەرنامەی ححکع،ئەوە بۆ خۆی باسێکی جیاواز هەڵدەگرێ.

سەبارەت بەوەی هەڕەشە لە خەڵک کراوەبۆ بەشداری لە هەڵبژاردنی شارەوانیەکان مەبەستەکەت تەواو ڕوون نی یە لە لام،ئەگەر مەبەستت لەوە بێت لە ژێر گوشاری هەڕەشەدا ححکع خۆی بێ شارەوانی پاڵاوتووە،ئەوە زۆر دوورە لە ڕاستی چونکەحیزبی ئێوە بەرنامەی بۆ خۆپاڵاوتن هەبوو لە پەرلەمانی داهاتووی کوردوستانیشدا کە بڕیار بوو دوای دەورەی یەکەمی پەرلەمان بکرێت، نیازتان وا بوو بەشداری بکەن،ئەوەشتان بە لافیتەیەکی گەورە بە دیواری هۆڵی ڕۆشنبیریەوە هەڵواسیبوو،خۆتان ئاسای دەبێت لە ناو خودی پەرلەمان ئیعتیرازو مەوجودیەتان هەبێت، بەڵام سەد ئەفسووس شەڕی براکوژی هەڵگیرساو هەڵبژاردن نەکراو ئەو خەونەشتان پووچەڵ بویەوە، هەرچەندە ئەگەر هەڵبژاردن ئەنجامیش بدرایە ئەوا لەشارەوانیەکان زیاتر دەنگتان بە دەست نەئەهێنا... وە ئەگەر مەبەستیشت لەوە بێت کە گوایەخەڵک لە ژێر فشاری بڕینی بایعی ودەرکردن لە سەرکار دەنگیان بەیەکێتی لە سلێمانی و پارتی لە هەولێر داوە،ئەوەش هەر دوورە لە ڕاستی،چونکە ئەو دوو حیزبە بە دەیان هەزار لایەنگریان هەیە،نەک هەر لە کوردوستان بگرە لە هەندەرانیش هەزارەها لایەنگریان هەیە،خۆ لە هەندەران بایعی نییە تا بیبڕن.

کاک(هیدایەت) ئەوە قەوارەی ڕاستی حیزبەکەی ئێوە بوو ئەم ڕاستییە لای تۆ چەند تاڵە، بەڵام دەبێت دانی پیابنێیت.

سەبارەت بەوەی کە تەنها حککع کە دەتوانێ کۆتای بە هەموو جۆرە چەوسانەوەیەک بهێنێ، ئەوە ڕەئی خۆتەو من وای نابینم. ئەوە نییە جارێ لە هیچی نەبوو کاک (تاهیر حەسەن) لە کاتی کۆرەکانیدا چەند
کرێکارێکی بە چەکەوە لە پشت خۆیەوە وەک پاسەوان دائەنا،خۆ بەستەزمانانە ئاوی پێیان دائەهات تا
کۆرەکە تەواو ئەبو، سەرباری ئەوەش بایی ڕۆژانەی کرێکارێک هەر جگەرەی بە با دەکرد....

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت